# کاریگەریی شارستانیی جیهانی مەسیحی بەسەر شارستانیی جیهانی ئیسلامیدا (٤١-٦٥٦ک/ ٦٦٢-١٢٥٨ز)

**شەماڵ خالد حەسەن[١]، شوان عوسمان مستەفا [٢]**

[١،٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کاریگەرییەکانی شارستانیی جیهانی مەسیحی بەسەر شارستانیی جیهانی ئیسلامیدا، زۆر و جۆراوجۆرن، هەڵدەگرێت چەندین توێژینەوە لە بارەی ڕەهەندەکانی ئەو کاریگەرییانە و لێکەوتەکانیانەوە ئەنجامبدرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەمو ئەو دەرچە و کەناڵانە بخرێنەڕو، کە بون بە هۆکاری ڕودانی ئەو کاریگەرییانە و مانەوەی دەرئەنجامە جۆراوجۆرە درێژخایەنەکانی. لە پێناو هێنانەدیی ئەم ئامانجانەش لە توێژینەوەکەدا پشت بە میتۆدی نوسینەوەی مێژوییی شیکارانە بەستراوە، بۆ هێنانەدیی ئەنجامە دیاریکراوەکانیش بەپێی پلانێک کارەکە بەسەر دو تەوەردا دابەشکراوە، بە جۆرێک لە تەوەری یەکەمدا توێژینەوە دەربارەی کاریگەری و لێکەوتەکانی شارستانیی جیهانی مەسیحی بەسەر شارستانیی جیهانی ئیسلامی، لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا کراوە، تێیدا سەرجەم ئەو ڕەهەندانە شرۆڤەکراون، کە کاریگەریی شارستانیی جیهانی مەسیحییان بەسەرەوە دیارە، لەوانە: سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، لایەنی بونیادنان و تەلارسازی، هونەر و ڕۆشنبیری، پەروەردە و فێرکردن. لە تەوەری دووەمیشدا کارلێکەکانی شارستانیی جیهانی مەسیحی بەسەر شارستانیی جیهانی ئیسلامی، لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا خراونەتە بەرباس و توێژینەوە، کە خۆیان لە بوار و ڕەهەندەکانی بزوتنەوەی وەرگێڕان و زانستەکانی: مێژو، جوگرافیا، هەروەها بیرکاری، فەلەکناسی، هونەری ڕازاندنەوە و پەیکەرسازی، پەیوەندییە ئابورییەکان، زانستەکانی وەک کیمیا، پزیشکی و فەلسەفەدا دەبیننەوە. لەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ ڕونبۆتەوە، کە شارستانیی جیهانی مەسیحی یەکێکە لە بناغە گرنگ و کاریگەرەکان بۆ دروستبونی بینای شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، لە قۆناغی سەرەتادا و دواتر پێکهاتەکانی شارستانی بە فۆرم و شێوەی جیاواز لە شارستانیی جیهانی ئیسلامی وەردەگرێتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** شارستانی، کاریگەری، دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتی عەبباسی، جیهانی مەسیحی، جیهانی ئیسلامی.

---

## پێشەکی[1]

کاریگەرییەکانی جیهانی مەسیحی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، خاڵی گۆڕانکاری و وەچەرخانی گەورە و گرنگن لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، گواستنەوەی پایە گرنگەکانی شارستانیەت لە شارستانیەتی جیهانی مەسیحییەوە بۆ ئیسلام لە چەندین ڕێگای جیاوازەوە دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی شارستانییەتێکی نوێ بەناوی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی.

هۆکاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو بابەتە ئەوەیە، تاکو ئێستاش شرۆڤەیەکی زانستی بۆ ئەم کاریگەرییانەی شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا نەکراوە، ئەوە لە کاتێکدا زۆرترین دەنگدانەوەی لە ناوەندەکانی یار و نەیاری ئیسلامدا دروستکردووە. بەم پێودانگە خزانی ئەم پرسە بۆ نێو بابەتێکی ئەکادیمی کارێکی یەکجار بەسودە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ڕاستکردنەوەی هەمو ئەو نوسینانەیە کە لەسەر بنەمای نازانستی لەمەڕ پێوەندییەکان و کاریگەرییەکانی شارستانیی جیهانی مەسیحی بەسەر جیهانی ئیسلامییەوە هەڵبەستراوە، هاوکات ئاشنابونە بە سەرەداوەکانی گشت ئەو کەناڵانەی کە بون بە هۆی گواستنەوەی ڕەگەز و پێکهاتەکانی شارستانیەت لە جیهانی مەسیحییەوە بۆ جیهانی ئیسلامی.

توێژینەوەکە، لە دوو تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم بۆ دەوڵەتی ئومەوی (٤١ ـــــ ١٣٢ک/ ٦٦٢ ـــــ ٧٥٠ز) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بنەما شارستانییەکانی ئەو دەوڵەتە لە ڕوانگەی: سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، لایەنی تەلارسازی، لایەنی هونەری و ڕۆشنبیری لەگەڵ لایەنی پەروەردە و فێرکردن بخرێنە بەر باس و توێژینەوە. تەوەری دووەمیش بۆ پەیوەندییەکانی شارستانیەتی جیهانی مەسیحی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی (١٣٢_٦٥٦ک/ ٦٦١_١٢٥٨ز)دا تایبەتکراوە، بە ئامانجی نیشاندان و کۆڵینەوە لە بزوتنەوەی وەرگێڕان، زانستەکانی مێژو و جوگرافیا، زانستەکانی بیرکاری و فەلەکناسی، هونەری

---

ئیمەیڵی توێژەر: shamal.hassan@rtvi.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ شەماڵ خالد حەسەن و شوان عوسمان مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢١ تەمووز ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٣ ئەیلول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٥ ئاب ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp464-472

ڕازاندنەوە و پەیکەرســـازی، لەگەڵ پەیوەندییە ئابورییەکان و زانســـتەکانی کیمیا و پزیشـــکی، فەلســـەفە لەم ســـەردەمەدا و چۆنیەتیی ئاوێتەبون و کارلێککردنی ئەو دو جیهانە تێیاندا.

بۆ نوســـینی ئەم توێژینەوەیە ســـود لە چەندان ســـەرچاوەی گرنگ و جۆراوجۆر وەرگیراوە، هەندێک لە ســـەرچاوەکان ســـودی زۆریان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەبوە بە تایبەت لەناو ســـەرچاوە بنچینەییەکاندا پەرتوکی (تجارب الأمم)ی (مســـکویە، م: ٤٢١ک/ ١٠٣٠ز)، کە خۆی لەو ســـەردەمە گرنگە ژیاوە و بە وردی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی باسکردووە. سەرچاوەیەکی تر پەرتوکی (دیوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاشرهم من ذوي الشـأن الاكبر)ی مێژوو نوس (إبن خلدون، م: ٨٠٨ک/١٤٠٦ز)، ئەمەش بە یەکێک لە ســـەرچـاوە گرنـگ و بنچینەییەکان دادەنرێت و ناکرێت توێژینەوەی زانســـتی لە زانیارییەکانی ئەم پەرتوکە بێبەش بێت، ئەمە جگە لە چەنـدین ژێـدەری گرنـگ، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ســـودی زۆریان هەبوە، یەکێک لەوانە پەرتوکەکەی ( هنری بيرين) بە ناوی (تاريخ أوروبا في العصور الوســـطى)، کە لەم پەرتوکەدا بە وردی ئاماژەی بە مێژوی شـــارســـتانیەتی جیهانی مەسیحی کردووە، ئەمە و چەندین پەرتوکی تر بۆ ئەم توێژینەوەیە سودیان لێوەرگیراوە.

## ١. دەوڵەتی ئومەوی (٤١ ـ ١٣٢ک/ ٦٦٢ ـ ٧٥٠ز)

### ١.١ سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی (دەوڵەتداری)

جیاوازییەکی زۆر لە خەســـڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ئومەوی و ســـەردەمی پێغەمبەر و ڕاشـیدین هەیە، بە تایبەت لە مامەڵەکردندا لەگەڵ نامسوڵمانەکاندا، ئەمەش لە سروشـــتی هەردو دەوڵەتەکەوە هەڵقوڵاوە، چونکە خیلافەتی ڕاشـیدین دەوڵەتێکی دینی بووە و پـایەتەختەکەی مەدینە بووە، لە دانانی خەلیفەدا پشـــتی بە ڕاوێژکردن دەبەســـت (الهمداني، ١٩٩٦: ١٢٨). دەوڵەتی ئومەوی دەوڵەتێکی مەدەنی بو، بە پاشـــخانێکی ئیســـلامی و پایەتەختەکەشی دیمەشـــق بو، هۆز و تیرەی زۆر و جۆراوجۆری تێدابو (ابن حوقل، ١٩٣٨: ١٦٦ ـــــــــ ١٧٤)، شـام مەرکەزی دەســـەڵاتی ئومەوییەکان بو، مەسـیحییەکانی شـام پشـتیوانی گەورەی معاویەبون لە ســـەرخســـتنی دەســـەڵاتەکەی بە تایبەت قەیسی ـــ و کەلبییەکان، تەنانەت گۆڕینی سیسـتەمی دەسـەڵاتیش لە دەوڵەتی ئومەویدا لە دانانی خەلیفە بە شـێوازی ڕاوێژکردن بۆ سـیـسـتمی پشـتاوپشـت کاریگەریی شـارسـتانیی جیهانی مەسـیحیی پێوەدیارە، ئەگەرچی ئەم شـێوازە کلتورێکی باوی ناوچەکەبووە (البصرـی، ١٣٩٧: ٣٣١)، جگە لەمانەش یەکێک لە هاوسەرەکانی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بە ناوی مەیسونی کچی بەحدەل مەســـیحی بووە، کە ســـەر بە عەشـــیرەتی کەلبییەکانی شـــامە (الإتليدي،٢٠٠٤: ٣٤ ؛ يوليوس، ٢٠٠٩: ٢٧) پزیشـــکی تایبەتیی معاویە (ابن اثال) و ڕاوێژکار و نوسەرە تایبەتەکەشی مەسیحی بون1، جگە لە شاعیرە تایبەتەکەی کۆشـــکی معاویە، کە ئەویش هەر مەســـیحی بووە2. پێدەچێت ئەم واقیعە وای لە ئومەوییەکان کرد، کە پارێزگاری لە کەنیســـەکانی ژێر دەســـەڵاتیان بکەن بە تایبەت لە شام، زۆربەی وڵاتی شام لە سەردەمی ئومەوی بە تایبەتی گوندەکان مەسیحی بون لە سریانییەکان و عەرەبەکان (مصطفى، ١٩٩٦: ١٣ ـ ١٩).

لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێت کاریگەریی شـــارســـتانیی جیهانی مەســـیحی بەســـەر شـارســـتانیەتی جیهانی ئیسـلامییەوە لە ڕوی سـیسـتەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە بخەینەڕو. دەتوانین بڵێین کارلێک و کاریگەرییەکانی شـــارســـتانیی جیهانی مەســـیحی بەسەر شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی زۆر پەرش و بڵاو نین، جگە لە چەند بوارێکی دیاریکراو نەبێت (ربيع، 1983:٧)، لە کۆتاییی نیوەی دووەمی سەدەی چواری زایینی بۆ سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی پازدەی زایینی، شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بە ڕابەرایەتیی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی هێزێکی کاریگەرە و ڕاســـتەوخۆ میراتگری ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانییە (مرسي الشيخ، ١٩٩٤: ٧)، شارستانیەتی جیهانی مەسیحی کۆمەڵێک کاریگەریی بەســـەر شـارســـتانیەتی جیهانی ئیسـلامییەوە جێهێشـتووە، لە کاریگەرە هەرە گرنگەکانیش، بریتییە لە کارکردنە ســـەر ســـیســـتەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە جیهانی ئیسلامیدا.

شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بە ڕابەرایەتیی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی خاوەنی ئەزمونێکی زۆری کارگێڕی و بەڕێوەبردن بووە (كانتو، 1950: ١٨٥)، جگە لە هەڵکەوتەی ســـنورەکانی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی بە تایبەت شـــاری قوســـتەنتینییە، کە بە خاڵی بەیەکگەیاندنی هەرسێ قارەی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا دادەنرێت (مرسي الشيخ، ١٩٩٤: ٣٥). جێگای سەرنجە، لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە ئەم شارستانییە ئەزمونێکی زۆری کردووە و لەگەڵ شارستانیی جیهانی ئیسلامی لە بەشی باکوری خۆرئاوای دەوڵەتی ئومەوی هاوسنورە (مصطفى، ١٩٩٦: ١٩ ـــ ٢٠)، کە دەوڵەتێکی تازە پێگەیشتووە و ئەزمونی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ساوای هەبوە (بجا، ١٩٩٩: ٣٦٦)، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دەکرێـت بڵێین بەشـــێکی زۆری ئەزمونی کارگێڕی و بەڕێوەبردنیان لە شـــارســـتانیەتی جیهانی مەســـیحی وەرگرتووە (العلوي، ١٩٩٩: ٢٠)، بە تایبەت لە بەشی شـــام و باکوری ئەفریقیا، بەڵام لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی هیند و سـین زیاتر کاریگەربون بە شـارسـتانیەت و سیسـتەمی کارگێڕیی ساسانی، جگە لەمانەش خودی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، کە دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتەیە ئەزمونی زۆری لەو ناوچەیەدا هەیە، چونکە نزیکەی بیسـت سـاڵ والی و بیست سالیش خەلیفە بووە لە هەرێمی شام (مصطفى، ١٩٩٦: ١٢).

لە ڕاســـتیدا ســـیســـتەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ئومەویدا کاریگەریی شـارسـتانیەتی جیهانی مەسیحیی بەسەرەوە دیارە، سیماکانی سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی بەسەر ژێرخان و سەرخانی دەوڵەتی ئومەویدا، ڕونە (ربيع، 1983:٣٣)، ڕەنگە دیارترین نمونەش بۆ ئەوە گۆڕینی سـیسـتەمی دەسـەڵات بێت، کاتێک معاویە سیستەمی شورای گۆڕی بۆ سیستەمی پشتاوپشت (وراثة) و یەزیدی کوڕی لە جێگای خۆی دانا (البصري، ١٣٩٧: ٢٢٩)، کە ئەمە سـیمای دیاری سیستەمی بەڕێوەبردنە لە دەسەڵاتی ڕامیاریی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتیدا و کوڕ دێتە جێگای باوکی (بجا، ١٩٩٩: ٣٥٥). دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکان بۆ دو ئاســـتی جیاواز دابەش دەبن:

ئاسـتی یەکەم: سـەرخانی شـارسـتانیی جیهانی مەسـیحییە، کە لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە ئاستێکی پێشکەوتووە و سیماکانی ئەم شارستانییە بە تایبەت فەلسەفەی دەوڵەتداری، کاریکردۆتە ســـەر ســـیســـتەمی بەڕێوەبردن لە نێو ســـنوری بازنەی دەسـەڵاتی شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی لە سـەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا، بۆ نمونە بڕیاری بەسـەربازیکردنی زۆرەملێ، کە (عبدالملك بن مروان) لە ڕێگای حەجاجەوە ئەم بڕیارەی سەپاند (الخربوطلي، ١٩٩٥: ٦٤). چەندین تەکنیکی تازەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە نێو شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی پەیڕەودەکران، کە سـەرەتاکەیان بۆ شـارســـتانیەتی جیهانی مەســـیحی دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە دانانی پاســـەوانی تایبەت بۆ معاویە و دیوانی بەرید و دروســـتکردنی ســـوپایەکی بەهێز و شـێوازی دابەشـکردنی سەربازەکان لە کاتی جەنگدا و ئاسایشی ناوخۆ و... هتد. (هەمان سەرچاوە، ٦٥).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp464-472

ئاستی دووەم: لە ئاستێکی فراوانتردا کاریکردۆتە سەر سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە ناوەوەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، ئەویش ئاستی سەرخانە، بریتییە لە بازنەی لێهاتوییی تاکەکەسی و شێوازی کاری دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ڕوی سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە، ئەویش دابەشدەبێت بۆ دو جۆر:

أ_ لە نێو پێکهاتەی مەسیحی لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، کەسانی بە توانا و لێهاتو و بەئەزمون هەبون، کە بە لێهاتوویە تاکەکەسییەکەیان کاریانکردووەتە سەر سیستەمی بەڕێوەبردن لە ناو شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، بۆ نمونە ئەو وەستا و کرێکارانەی، کە بە شێوازی خواستن لە نێو شارستانیەتی جیهانی مەسیحی دەهێنران و داوادەکران لە ڕێگەی خەلیفەکانەوە، وەکو ئەوەی لە سەردەمی وەلیدی کوڕی عبدالملیکدا ڕوویدا لە کاتی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی بەنوئومەییە (ابن بطوطة، ١٤١٧: ٦٧).

ب_ هەمو ئەو مەسیحییانەن، کە لە نێو سنوری دەسەڵاتی شارستانیەتی جیهانیەتی ئیسلامی دەژیان و بە ئەزمون و کارامەییەکەیان، لە سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، بەشێکی گرنگبون، بۆ نمونە هەمو ئەو مەسیحییانەی، کە پلەو پۆستیان هەبو، هەروەها پیشەوەری بە توانا بون (Michael Nazir، 1983: 38 - 55).

### ١. ٢ لایەنی تەلارسازی

ئایاسۆفیا[3] لە قوستەنتینییە (إبن الهروري، ١٤٢٣: ٥٣)، سەمبولی تەلارسازیی شارستانیەتی گەلانی بیزەنتی و شارستانیەتی مەسیحیی ئەرسەدۆکسییە (الدمشقي، ٢٠٠٤: ١٢٣)، شێوازی تەلارسازیی بیزەنتیش لە شاکاری ئایاسۆفیاوە سەرچاوەی ئیلهامبو بۆ دروستکردنی زۆرێک لە شێوازەکانی تەلارسازی لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، بە تایبەت مزگەوتەکان و کۆشک و تەلارەکان (البغیث، ٢٠٠٧: ٧ ـــ ٨)، خەسڵەتی سەرەکی بە دابونەریتی کلاسیکی کاریگەربووە، لەوانە: شێوازی گریکی و ڕۆمانی و بیزەنتی، بە تایبەت لە سەرەتای شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، لە زۆر بواردا، ڕۆڵی سەرەکییان هەبو(حسن، ١٩٩٤: ٤٤). ئەو ناوچانەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، کە خرابونە نێو قەڵەمڕەوی خیلافەتی ئیسلامییەوە، چەندین ئەندازیاری بیناسازی و وەستا و پیشەوەری تری پێشکەش بە دەستەڵاتدارە نوێیەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی کرد (ابن خلدون، ٢٠٠٠: ٥٠)، ئەو پیشەوەرانە لەسەر تەلارسازیی شارستانیەتی جیهانی مەسیحی و هونەری زەخرەفە و ڕەزاندنەوە ڕاهێنانیان پێکرا و لە دروستکردن و نەخشەکێشان لەسەر شێوازی بیزەنتی بەردەوامبون (الهمداني، ١٩٩٦: ١٥٧ ـــ ١٥٨). نمونە لەسەر ئەوە دروستکردنی (قبة الصـخرة) دەکەوێتە نێوان قودس و بیت اللحم (هەمان سەرچاوە، ١٥١)، لە کۆتاییی سەدەی حەوتی کۆچیدا، بیرۆکەی نەخشەی بیناکە لە شێوازی تەلارسازیی بیزەنتییەوە نزیکە و بە تایبەت شێوازی کەنیسەکانیان (الدمشقي، ١٩٩٨: ٤٣)، بۆ نمونە مزگەوتی گەورەی بەنی ئومەیە لە دیمەشق، پێشتر کەنیسەبووە و لە ساڵی (٧١٥ ک) لەسەر شێواز و دیزاینی نوێ لە سەردەمی خەلیفە (ولید بن عبدالملک) کراوە بە مزگەوت (ابن بطوطة، ١٤١٧: ٦٦ ؛ حتی، ١٩٨٣: ١٣١).

### ١. ٣ لایەنی هونەرە جوانەکان

هونەرە جوانەکان لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، بە هونەرە باوەکانی شارستانیی جیهانی مەسیحی کاریگەربووە، هەندێک لە هونەرەکان زۆر کاریگەربون، لەوانە هونەری نەخش و نیگار و هەڵکەندن و مۆسیقا و گۆرانی و چەندین هونەری دیکە، بە تایبەتی لە سەردەمی بیزەنتی، هەردوو شارستانیەتەکە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییان هەبوە لە ڕووی هونەرییەوە، ئەو پەیوەندییەش بریتی بووە لە ئاڵوگۆڕی هونەریی جۆراوجۆر لە نێوان هەردوو جیهانەکەدا، بە جۆرێک، تا سنوری جیهانی ئیسلامی فراوانتردەبو هێز و توانای زیاتر دەهاتنە نێو سنوری شارستانیی جیهانی ئیسلامییەوە، ئەمەش بووە هۆی گەشەی زیاتری لایەنی هونەری لەو جیهانەدا بە تایبەت مەسیحییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە پێشخستنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا بینی، بۆ نمونە هونەرمەندی دیاری بواری نەخش و نیگار هونەری الفسیفساء (بطرس الصقلي)، بە کارە سەرنجڕاکێشەکانی لە بواری هونەریدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە (عطیة، ٢٠٠٠: ١٩٥ ـــ ١٩٨؛ 180-150:1959وDavid)، لە ناو ئەوانیشدا بە تایبەتتر مەسیحییە سریانییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە فێرکردنی مسوڵمانەکان لە بوارە جیاوازەکان و تەکنیکەکانی وەرگێڕاندا بینی (Hill، 4، 1993: ).

### ١. ٤ لایەنی پەروەردە و فێرکردن

زانایانی مەسیحی، بەشدارییەکی کارایان لە گەشەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی لە هەردو سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و عەبیاسی، لە بواری پەروەردەی تایبەت و فێرکردندا هەبو، لە ڕێگەی وەرگێڕانی کارەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی بۆ زمانی سریانی و پاشان بۆ زمانی عەرەبی، لە ماوەی هەردو دەسەڵاتەکە کاری زانستی بە هەردو زمانی سریانی و یۆنانی دەستپێیکرد (ابن الندیم، ١٩٩٧: ٣٠٢)، چەندین قوتابخانەی فێرکردن و گواستنەوەی دانایی بە شێوازی کلاسیکی گەشەیانپێدراوە، بۆ نمونە:

أ-قوتابخانەی نصیبین[4]

ب- قوتابخانەی ڕەها[5]

ج- قوتابخانەی جندیسابور[6]

جگە لەمانە چەندین کتێبخانەی گرنگ و پێشکەوتو لەو سەردەمەدا هەبون، کە لە ئەنجامی کاریگەریی شارستانیی جیهانی مەسیحی کاریاندەکرد بە شێواز و تەکنیکی شارستانیی جیهانی ئیسلامی، بۆ نمونە:

أ-کتێبخانەی ئەسکەندەرییە[7]

ب-کتێبخانەی قورتوبە[8]

دەکرێت بڵێین بە شێوازێکی گشتی، قوتابخانە و کتێبخانەکان دو سەرچاوەی گرنگی پەروەردە و فێرکردن بون لە شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا و توانییان کاریکەنە سەر لایەنی پەروەردە و فێرکردن لە نێو شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، جگە لەمانەش کتێبخانە تایبەتەکان، کە بە کتێبخانەی کەسی ناسرابون، بە هەزاران کتێبیان لەخۆدەگرت و لە زۆربەی شارەکانی هەردو شارستانیەتەکە بەدیدەکران (معروف، ١٩٧٥: ٤٤٠).

## ٢. سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی (١٣٢_٦٥٦ک/ ٦٦١_١٢٥٨ز)

لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا تاڕادەیەک ئاسایی بون، کەمترین جموجۆڵی سەربازیی دژ بەیەک بەدیدەکرا، ڕەنگە ئەوە پەیوەندیی بە سروست و تایبەتمەندیی هەردو دەوڵەتەکەوە هەبێت، لەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەدا بونە ڕاستیی مێژوویی بۆ یەکتری. ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی سەرقاڵی کاروباری ناوخۆ و کێشەکانی بو، کە بریتیبون لە دامرکاندنەوەی شۆڕشە ناوخۆییەکان و کێشەی باج و ململانێیی ئایینی، لەو لاشەوە دەوڵەتی عەبباسی بەهۆی کێشەی

ناوخۆیی و فراوانیی سنورەکانی، نەیدەویست جەنگ ڕوبدات (صقر، ١٩٨٥: ٢٩ ؛ الهاشمي، ١٩٨٥: ٤٧)، ئەم هۆکارانە وایانکردبو کەمترین پێکدادانی سەربازی لەو ماوەیەدا بەدیبکرێت و ئاوێتەبونەکان زیاتر گەشەبکەن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێت، دیارترین کاریگەرییەکان بخەینەڕو:

## ١.٢ بزوتنەوەی وەرگێڕان

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنکەکانی ئەو کاریگەرییانە بریتییە لە بزوتنەوەی وەرگێڕان لە زمانی سریانی و گریکییەوە بۆ زمانی عەرەبی، هەرچەند سەرەتاکەی بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و بە تایبەت لە لایەن کەسایەتیی زانستخواز(خالد بن يزيد بن معاوية، ٨٥ک/ ٧٠٤ز) دەگەڕێتەوە، (الطبري، ١٣٨٧ : ٥٣٣ ــــ ٥٣٤)، لەم بوارەدا هەوڵی زۆری دا و چەندین زانای ئیغریقی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و خۆی فێری زمانی سریانی کردبو، ئیبن نەدیم،(438هــــ) بە حەکیمەکەی دەوڵەتی ئومەوی ناویدەبات و ئاماژە بەوە دەکات، کە چەندین کتێبی لە بوارەکانی پزیشکی و ئەستێرەناسی و کیمیادا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی (البصری، ١٣٩٧: ٣٠٢ ــ ٣٠٦)، هەروەها خەلیفە (عبدالملک بن مروان، ٦٥-٨٦ک/ ٦٨٥-٨٠٥ز) (هەمان سەرچاوە، ٢٦١)، گرنگیی بەم بوارە داوە و فەرمانیکرد، کە دیوانەکان بکرێن بە عەرەبی بە تایبەت دیوانی سوپا (الحسين، ٢٠٠٩: ٢٥٣ - ٢٥٤). هەروەها لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی، خەلیفە (أبو جعفر المنصور، ١٣٦-١٥٨ک/ ٧٧٤-٧٧٥ز) (البصری، ١٣٩٧: ٤١٢)، یەکەم خەلیفەی عەبباسی بو، کە گرنگیی بە زانست و زاناکان و شاعیران دەدا، پزیشکانی مەسیحی بۆ شاری بەغداد هێنا، بۆ نمونە (جورجيس بن بختيشوع)، وەرگێڕانی کتێبی پزیشکی و ئەستێرەناسی و ئەندازیاری و ئەدەب، چەندین کتێبی فەرمودە و مێژویی بۆ دانرا (ابن النديم، ١٩٩٧: ٣٠٦)، هەروەها (جورجس بن بختيشوع ) کتێبێکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (رسالة في الطب)، تایبەتە بە دیاریکرنی جۆری نەخۆشی و چارەسەرەکەی (أبي أصيبعة، د. ت: ١٨٦). (ابو جعفر منصور) داوای لە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی کرد، کارەکانی (ئقيدليس بطلميوس)ی بۆ بنێرێت، هەروەها کتێبی ئیقلیدس بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا، کە یەکەم کتێب بو لە یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێت (بن أيوب، د. ت: ٥٠ - ٦٠ ؛ محمدين، ١٩٩٩: ٨٧). لە سەردەمی دەوڵەتی عەبیاسیدا، نوسەرانی مەسیحی لە بزوتنەوی دانانی کتێب لەژێر سێبەری (بيت الحكمة)دا بەشداربون، لە بەناوبانگترین ئەو نوسەرانە بنەماڵەی (بختيشوع) بون، کە زانستیان لە جیلێک بۆ جیلێکی دیکە گواستەوە بۆ ماوەی سێ سەدە لە سەردەمی عەبیاسییەکاندا، هەروەها خزمەتی پزیشکی و زانستی لۆژیک و دینی نەسڕانیان کرد بە وەرگێڕان و دانانی کتێب (الدينوري، ١٩٩٢: ٥٤). مەسیحییەکان پزیشک و ئەستێرەناس بون، کەسی ئاقڵ و فەیلەسوف و دانایان هەبو، هەیانبو نوسەری دەسەڵاتداران بو، جگە لەمانە پزیشک و بۆنفرۆشیشیان هەبو (موفق الدين، د. ت: 12).

مەسیحییەکان ڕۆڵێکی گرنگییان لە وەرگێڕانی زانستەکاندا هەبو، بە تایبەتی سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی، چونکە زۆربەیان زمانی لاتینی و سریانییان دەزانی، کە زمانی خوێندن و نوسینب و لە ناوچەکانی شام و میسڕ و باکوری ئەفریقیا. وەرگێڕان دەورێکی گرنگی لە گەشەسەندنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا هەبو، عەرەبە مەسیحییەکان وەرگێڕانی باشیان دەکرد، بە جوانی لە ناوەرۆکەکەی تێدەگەیشتن، دوای ئەوەی وەریاندەگێڕا دوبارە دایاندەڕشتەوە و کاری ڕەخنەگرییان بۆ دەکرد، دواتر دەیانخستە بەردەستی خوێنەران (المسعودي، د. ت: ١-٦)، مەسیحییەکان لە یۆنانی و سریانی و فارسییەوە وەرگێڕانیان دەکرد، سودیان لە چەندین قوتابخانانە دەبینی، کە زانستەکان تیایدا گەشەیان سەندبو، بۆ نمونە قوتابخانەی ئەسکەندەریەی مەسیحی، کە فەیلەسوف و پزیشک و زانا و مێژونوس و ئەستێرەناسیان تێدابو (محمد بن بدران، ١٩٨٥: ١٦٢ - ١٦٣)، لە بواری وەرگێڕاندا زۆر خەڵک و زانای بەناوبانگیان هەبو، بۆ نمونە: (جبرائيل بن بختيشوع، ٢١٣ ک/ ٨٢٨ز) بە تایبەت لە زانستی پزیشکیدا بەناوبانگبون (ابن العمراني، ٢٠٠٢١: ١٢٢). مأمون (يوحنا بن ماسويه، ٢٤٣ک / ٨٥٧ز)ی کردە سەرۆکی (بيت الحكمة)، کە پەنجا کتێبی بە وەرگێڕان و نوسینەوە هەبو، باوکیشی هەر پزیشک بووە، هەروەها (حنين بن إسحاق، ٢٦٠ک / ٨٧٣ز)، نەوەد و پێنج کتێبی وەرگێڕاوە (الذهبي،١٩٩٣: 128)، جگە لەمانەش (سعيد بن البطريق، ٣٢٨ک/ ٩٣٩ز) کۆمەڵێک بەرهەمی زانستی و پزیشکیی هەبون (السيوطي، ١٩٦٧: ٥٦٩؛ الحنبلی، د.ت: ١١)، هەروەها مەئمون (يحيى بن البطريق، ٢٠٠ک/ ٨١٥ز)ی کردە بەرپرسی وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان لە یۆنانی و سریانییەوە بۆ عەرەبی (المسعودى، د. ت: ١٣٩). وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفی بۆ زمانی عەرەبی، کاریگەریی گەورەی بۆ ناسین و گەشەی زیاتری گروپی موعتەزیلە هەبو، کە عەقڵ لە لێکدانەوەی ئەحکامە شەرعییەکاندا، حوکمی دەکرد (البغدادي، 2001: 6).

بزوتنەوەی وەرگێڕان، لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا، هۆکارێکی گرنگی پێشکەوتن بووە. شۆڕشێکی گەورەی وەرگێڕان دەستپێیکرد، خەلیفەکان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینی، بە تایبەت (ابو جعفری منصور و مەئمون و هارون الرشيد) لە هاندان و پێشخستنی ئەو بوارەدا و مەسیحییەکانیش بونەتە پێشەنگ (حبش، 1996: 20).

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، مەئمون، ژمارەیەک نێردراوی بۆ قوستەنتینەی پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی ناردووە، بۆ کڕینی چەندین کتێبی گرانبەها، کە هی زانایانی یۆنانی بون لەم شارەدا پارێزرابون، ئەو کتێبانەش بریتیبون لە کتێبی بواری فەلەکی و پزیشکی و ئەندازیاری و فەلسەفە و چەندین بواری تر (ابن خلكان، ١٩٠٠: ٢٤٧؛ ابن النديم،٣٠٣:١٩٩٧- ٣٠٦؛ الطبرى، ١٣٧٨ھ: مج/٧، ص ٢٠٦٢٠-٢٦٢٥)، دانانی جێگای تایبەت بۆ وەرگێڕان، ئەمانە ئاماژەی گرنگن لە کاریگەرییەکانی نێوان هەردو شارستانیەت و هەوڵدان و هاندانی زۆر بەدیدەکرێت لە لایەن مەئمونەوە بۆ پەرەپێدانی ئەو بوارە، بە جۆرێک مەئمون ئاڵتونی بە کێشی کتێبەکە دەدا بەو کەسەی کتێبێکی وەردەگێڕا، لە ساڵی (٢١٤ک/ ٨٣٠ز) پەیمانێکی لەگەڵ بێزەتییەکان بەست، یەکێک لە مەرجەکانی ئەوە بو کتێبخانەیەکی تایبەتی لە قوستەنتینیە پێبدەن (محاسنة، د. ت: ٢١٩).

## ٢.٢ زانستەکانی مێژو و جوگرافیا

یەکێکی تر لەو بوارانەی زانا مەسیحییەکان ڕۆڵیان تێدا بینی بریتیبو لە بواری زانستی مێژو. سەرەتای نوسینەوەی زانستی مێژو، بۆ دەوڵەتی ئومەوی دەگەڕێتەوە، سەرەتا خۆی لە بوارەکانی زانستی سیرە و فەرمودەناسیدا دەبینیەوە (ابن خلكان، 1900: 566)، بە تایبەت تەنسیسی فەرمودەکانی پەیامهێن (د.خ). دیارترین مێژونوسەکانی ئەو سەردەمە بریتین لە (هيثم بن عدى)، (207 هــــ)، کە شارەزای بوارەکانی شیعر و ئەدەب و مێژو بووە و کتێبێکی بە ناوی ( تاريخ العجم وبنى أمية) نوسیوە (الحمودي، 1993: 2792)، هەروەها (ابن نديم) خاوەنی کتێبی فهرست بووە (ابن نديم، ١٩٩٧: ٥٤٥)، جگە لەمانەش کتێبی انساب الاشرافی (بلاذري)، (279 هــــ)، (الهمدانى، ١٩٩٦: ١٣) و چەندین کتێب و نوسینی تر لە بواری مێژو و ئەدەبدا هەبون، بۆ نمونە وەرگێڕانی کتابی (الف ليلة وليلة) هەزار و یەک شەو، کە چەندین کەسایەتیی

مسـیحی، ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ناو چیرۆکەکاندا هەبوە، بۆ نمونە باسی کەسـایەتیی سمساری قیبتی (قبطی)، یەکێکە لە زانا و نوسەرە دیارەکانی سەردەمی شارستانیەتی جیهانی ئیسـلامی و لە قیبتییەکانی مصرـــ بووە و ڕۆڵی بەرچاوی لە وەرگێڕانی کارە زانسـتییەکانی وەک پزیشـکی و فەلسـەفی لە یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی هەبوە و هەروەها خەتاتی سریانی (ابن العمراني، ٢٠٠١: ٢٧٥) و چەندین چیرۆک و بابەتی تری وەک (كليلة ودمنة) (الدينوري ، ١٩٩٢: ٣١). سـەرەڕای ئەمانەش بواری جوگرافیا گرنگیی پێدراوە و لە کۆڕ و دانیشتنی خەلیفەدا گفتوگۆی زانستی دەربارەی ئەو زانسـتە کراوە، بە تایبەت لە دانیشـتنەکانی خەلیفە مەئموندا (البغدادی، ٢٠٠١: ٢٧١)، کتێبەکەی بطلیموس لە بواری جوگرافیا، ڕۆڵی سـەرەکیی بینیوە لە بابەتی زانسـتی جوگرافیادا و وەک سـەرەتایەکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، هەرچەندە کۆنترین کتێب لەو بوارەدا کتێبەکەی (ابن خرداذبة) بە ناوی (المسـالک والممالک)ە، کە خۆی لە نزیکی ساڵی (٢٨٠ک) وەفاتی کردووە (ابن خرداذبة، 1889: 3 ـــ 4)، دواتر مسوڵمانان چەندین کتێبی گرنگ لە بواری زانستی جوگرافیادا دەنوسن، بۆ نمونە کتێبەکەی المقدیسی بە ناوی (أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم)، هەروەها کتێبەکەی ئیدریسی بەناوی (نزهة المشتاق في اختراق الآفاق) و... هتد. (عطية ، ٢٠٠٠: ٢١ - ٢٢).

## ٣.٢ زانستەکانی بیرکاری و فەلەکناسی

لە ڕاستیدا شارسـتانیەتی جیهانی مەسیحی لە سەرەتادا، لە هەردو بوارەکانی زانستی بیرکاری و زانسـتی فەلەکناسی، کاریکردە سـەر شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی، دەتوانین، بڵێین (فیثاغورث ــ Pythagoras) (المسعودی، د. ت: ١٢)، یەکەم زانا بووە، کە شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی، لە بواری زانسـتی بیرکاریدا سـودی لێوەرگرتووە، ئەگەرچی (الخوارزمی) ڕۆڵی بەرچاوی لەو بوارەدا هەبوو؛ لە سـاڵی (٨٢٥ز) کتێبێکی بە ناوی ( المختصر حساب الجبر والمقابلة) نوسی، کە سەرەتایەکی باش بو بۆ بڵاوبونەوەی ئەو زانسـتە، جگە لەمانەش خەلیفە (ابو جعفری منصـور) گرنگیی بەو زانسـتە داوە و کتێبەکەی (إقلیدس) ی بە ناوی (الاصـول وكتاب الأركان) (الصابي، د. ت: ٢٢٢) لە سەردەمی ئەو وەرگێڕدراوە، چونکە ئەو زانستە بە زانستی ئەندازیارییەوە پەیوەندیدار بووە و دەوڵەتی عەبباسییش گرنگیی زۆری بە زانسـتی بیرکاری داوە، بۆیە چەندین کتێب لە سـەردەمی مەئمون لەو بوارەدا وەرگێڕراون، بە تایبەت کتێبە یۆنانییەکان (ابن خلدون، 1988: 639).

ئەوەی پەیوەندیدارە بە زانستی فەلەک و ئەستێرەناسییەوە، لە ناو شارستانیەتی جیهانی ئیسـلامی شـتێکی باو بووە و بە تایبەت عەرەبەکان بۆ هاتوچۆی کاروانە بازرگانییەکانیان و دیاریکردنی ڕووگەی مسوڵمانان، زۆر سودیان لە و زانستە بینیوە (حبش، ١٩٩٦: ٥٩- ٦٠)، جێگـای سـەرنجە یۆنانییەکان لەو بوارەدا زۆر پیشکەوتوبون، بە جۆرێک کاریانکردە سەر شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسلامی (ابن خلدون، 1988: 641)، کە لە سـەردەمی دەوڵەتی عەبباسی چەندین کتێب لەو بوارە نوسران و وەرگێڕراون، لەوانە کتێبەکەی (البیرونی)، ( 440 هـ)، (بە ناوی (الإرشاد في احكام النجوم) (العقيلي و ابن العـديم، 1996: 9)، هەروەهـا کتێبەکانی ( الخوارزمی، ٢٣٢ک/ ٨٤٧ز) (ابن طيفور، ٢٠٠٢: ٣٥)، جگە لەمانەش (ثابت بن قرة الحراني)[10]، (الحموی، ١٩٩٣: ٢٩٢)، کۆمەڵێـک وەرگێڕانی لە یۆنانی و ئیغرقییەوە بۆ زمانی عەرەبی ئەنجامدا، سـەرەڕای ئەمانەش کتێبەکەی بطلیموس بە ناوی (المجسطی) لەو بوارەدا گرنگیی خۆی هەبو (القفطي، ٢٠٠٥: ٣٢ - ٣٩).

## ٤.٢ هونەری ڕازاندنەوە (الزخرفة) و پەیکەرسازی

لە دابونەریتی موسـڵمانان نەبوە، کە گرنگیی بە هونەری ڕازاندنەوە و پەیکەرسـازی بدەن، چونکە ئەوان لە ژینگەیەک پەروەردەبون:

١- ژینگەی بیابانە و دوورە لە هونەری ڕازاندنەوە و ئارایشت.

٢- پێشتر ژینگەیەکی بتپەرستی بووە، ترسیان لە دوبارەبونەوەی ئەو دیاردەیە هەبوە. (الدخيل، ٢٠٠٣: ٢٨٩ - ٢٩٤).

هاوکات ئایینی ئیسلام هەمو زیادەیەک ڕەتدەکاتەوە بە تایبەت لە بواری ڕازاندنەوە و وێنەکێشـان و هونەری پەیکەرسـازی، چونکە ئەو هونەرە بەشـێکبووە لە ژینگەی بتپەرسـتی، هەربۆیە پێغەمبەر لە وتەیەکیدا هەڕەشـەی توند لە وێنەکێشـان و پەیکەرسـازان دەکات، بە جۆرێـک لە ڕۆژی دواییـدا، لە لای خودا، توندترین سزادەدرێن: "إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْمُصَوِّرُونَ" شرۆڤەی جیاواز هەیە بۆ فەرمودەکانی پێغەمبەر لەو بوارەدا، شرۆڤەکان زیاتر بە لای ئەوەدان، کە ترس هەبوە لە دوبارەبونەوەی دیاردەی بتپەرسـتی و زیاتر مەبەسـتی ئەو پەیکەرساز و وێنەکێشـانەبووە، کە مەترسـیبون بۆ سـەر یەکخواپەرسـتی بڕوانە: ( ابن حجر، ١٣٧٩: ٣٨٣ ـ ٣٨٤).

بۆیە کاتێـک ئـایینی ئیسـلام دەسـەڵاتی فراوان دەبێت گشـت ئەو هونەرانە قەدەغەدەکرێن، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا هونەری ڕازاندنەوە و هەڵکۆڵین لەسـەر دیوار و پەیکەرسازی بە مەبەستی جوانی و گوزارشت لە شتێک وەک پێویستییەکی سەردەم دێنەکایەوە و ڕۆڵی خۆیان لەو بوارەدا دەگێڕن (هەمان سەرچاوە، ٢٣٠).

مزگەوتەکان و کۆشـکی خەلیفەو بەرپرسـانی هەردو دەوڵەتی ئومەوی و عەبباسی، لە کاریگەریی شـارسـتانیەتی جیهانی مەسـیحی لەو بوارەدا بێبەشـنەبون و بە ئاشـکرا هونەری ڕازانـدنەوە و هەڵکۆڵین لەسـەر دیواری مزگەوتەکان و وێنە و پەیکەر و هونەری (فن الفسيفساء)[11] لە حەرەمسەرا و کۆشکەکانی خەلیفەکان دەبینرا، جگە لە وێنە و شێوازی پارە لە هەردو دەوڵەتەکەدا (بدر غيث، ٢٠١٢: ٨٣ -٨٧).

جگە لەمانەش هێواش هێواش لە ڕێگەی بازرگانان و هونەرمەندانی ئەو بوارە شـتی تازە دەهاتە ناو شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسلامەوە، لە بواری ئارایشـتی ئافرەتان و ناو ماڵ و شـێوەی جوانی کۆشـکەکانی خەلیفە و بەرپرسـانی دەوڵەتی عەبباسی، کە خۆشـگوزەرانی و ڕازاندنەوەی ماڵەکانیـان بەشـێک بو لە ژیانی ئەوان، تەنانەت شـوشـەی ڕەنگاوڕەنگیان لە ڕازاندنەوەی دەرگا و پەنجەرەکانی کۆشـکەکانیاندا بەکاردەهێنا (الفاروق و الفاروقي، ١٤١٨: ٥٩٧).

## ٥.٢ پەیوەندییە ئابورییەکان

یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی کارلێک و کاریگەرییەکان لە نێوان هەردو جیهانەکەدا، بواری پەیوەنـدییە ئـابورییەکانە، کە بازرگـانی ڕۆڵی گرنگی لەو پەیوەنـدییـانەدا بینی، چونکە عەرەب بە تایبەت قورەیش، گەلێکی بازرگان بون لە حیجاز و دەوروبەری، بەر لە ئیسـلامیش بەو پیسـشـەیە ناسرابون لە هەوڵی بەردەوامدابون بۆ زیادکردن و گەشـەپێدانی ئەو بوارە و کۆکردنەوەی ئەو پیشـەیە لە چوارچێوەی سـیسـتەمی دەوڵەتداریدا، بە جۆرێک پەیمانی بازرگانیی گرنگیان لەگەڵ ناوچەکانی یەمەن و شـام هەبو، بە ناوی پەیمانی (الايلاف) (البغدادي، ٢٠٠١: ١٦٣)، لەسـەر ئەو بنەمایە، لە سەردەمی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامییش بە ڕابەرایەتیی هەردو دەوڵەتی ئومەوی و عەبباسی، هەر بەردەوامبون لەو پیشەیە.

کاتێک سنورەکانی دەسەڵاتی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی فراوان دەبێت، گرنگیی زۆر بەو بوارە دەدرێت، بە جۆرێک لە گەشەکردنی ئەو پەیوەندیانەدا هەردو ڕێگای وشکانی و ئاوی سودیان لێوەرگیراوە، بە تایبەت ڕێگای دەریایی، دەریای سپیی ناوەڕاست ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبو، بێزەنتییەکان هەر لە کۆنەوە دەستیانکرد بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کاڵاکان لە ڕێگای کەشتیگەلی بازرگانییەوە (فرج، ٢٠٠٣: ٧٧ ـــ ٨٠)، چەندین جۆر کاڵا ئاڵوگۆڕدەکران. بێزەنتییەکان بۆ ڕاگرتنی باڵانسی نرخ، گومرگیان دەخستە سەر کاڵاکانی جیهانی ئیسلامی (ابن حوقل، 1938: 179 ـــ 180)، دەریای ناوەڕاست هۆکاریکی گرنگ بو بۆ دروستبونی ئەو پەیوەندییە (بیرین، ١٩٩٦: ١٠).

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی شاری قوستەنتینیە وای لەو شارە کردبو ببێتە ناوەندێکی بازرگانیی گرنگ بۆ شارستانیەتی جیهانی کۆن، بە تایبەت شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، چونکە لە شێوەی بنکەیەکی گەورەی کارگۆ (ترانزێت)دا بو، کە لە ڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی چەندین جۆر کاڵا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەکرا و لە ڕێگای وشکانی و دەریاوە لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامییەوە بۆ ئەوێ دەنێردران (مرسی شیخ، ١٩٩٤: ٢٦ ـــ ٣٥)، لەوانە: بەهارات، قەنەفڵ، تەوابل، هەریر و چەندین جۆر کاڵای تر، لە بەرانبەر ئەمەشدا بازرگانەکان ئەو کاڵایانەیان دەهێنایەوە بۆ جیهانی ئیسلامی کە پێویستی سەردەمبون، بە تایبەت پێداویستیی بیناسازی و لایەنی ڕازاندنەوە و چەندین جۆر پێست و چەرمی گرنگ و هێنانی کەنیزەکەکان... هتد. (بن عبدالله، ١٨٨٩: ١٥٤).

لە دەرئەنجامی ئەو کاریگەرییەوە بوژانەوەیەکی گەورە ڕویکردە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، بە جۆرێک لە سەردەمی زێڕینی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی خەزێنەکان پڕبون و هاووڵاتیان زۆر خۆشگوزاران بون، خەلیفەی عەبباسی هارون الرشید وتەی بەناوبانگەکەی لەو سەردەمە گوتووە، کە بە هەورەکان دەڵێت: "ئەی هەورەکان بڕۆن بە ئارەزووی خۆتان ببارێن، لە هەر شوێنێک ببارێن خەراجەکەی بۆ من دێتەوە" (محمود و الشریف، د. ت: ٧٨).

## ٦.٢ زانستەکانی کیمیا و پزیشکی

ئەو زانستانە زیاتر لە تایبەتمەندی و شارەزایی زانایانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامین، ئەگەرچی هەندێک ئاماژە و سەرەداو هەن، وا نیشاندەدەن سەرەتای ئەو زانستانە بۆ شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بگەڕێتەوە، بە تایبەت زانستی کیمیا، بۆ نمونە لە لایەن (خالد بن یزید بن معاویة)، لە ساڵی (٨٥ک) یەکەم کتێب لەم بوارەدا بە ناوی (علم الصنعة)[12] وەرگێڕراوە (الشنتریني، ١٩٨١: ٥٦٩)، کە زیاتر خۆی لە بواری زانستی کیمیادا دەبینییەوە، لە کەسێکەوە وەریگرتووە بەناوی (مریانوس الراهب)،کە یەکێکە لە زاناو وەرگێڕە بەناوبانگەکانی سەردەمەکەی و چەندین کاری گرنگی لە یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی،(ابن خلکان، ١٩٠٠: ٢٢٤)، کە لە بنەڕەتدا کەسێکی ڕۆمی بووە، لە قۆناغەکانی دواتری گەشەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی ئەو زانستە زۆر پێشکەوتوو دەبێت و چەندین زانا لەو بوارە دەردەکەون، بۆ نمونە: (الإمام الجعفر الصادق) و (جابر بن حیان) (القفطي: ٢٠٠٥: ١٢٤)، کە ئەو دوو زانایە زیاتر لە بواری زانستی کیمیا کارییان کردووە.

### ٧.٢ فەلسەفە

ئەوەی پەیوەندیدارە بە فەلسەفە لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، سەرەتاکەی بۆ دوای مردنی پێغەمبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک هیچ دەقێک نەبوە، کە موسڵمانان دەربارەی جێگرەوەی پێغەمبەر کاری پێبکەن، لێرەوە بۆچونی جیاواز و جۆراوجۆر دێنەئارا (الواقدی، ٢٠٠٥: ١٤١)، ڕاستەوخۆ و دوای قۆناغی پێغەمبەر جەنگی هەڵگەڕاوەکان ڕوودەدات، ئەگەرچی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین سەردەمێکی جیاوازە و یەکێک لە گروپە دیارەکان سەرهەڵدەدەن، کە دەربارەی وشەی (حکم) لە ئیسلامدا بۆچونی جیاوازیان هەیە و ئەو جیاوازییە دەبێتە جیاوازیی چەمکی و لە نێوان چەمکەکانی (خلیفة) (أبو محمد المصري ، 1984: 93) و (الإمامة) (التمیمي، 1993: 139 ؛ابن طیفور، 2002: 93) و (الحکم) کێشەی گەورە دەکەوێتە نێوان شیعە و خەواریج و خەلیفەکان و دەستڕۆیشتووانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیەوە، کە دەرئەنجامەکەی چەندین شەڕی خوێناویی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، دەکرێت، بڵێن (علم الکلام) (ابن الفرضي، 1988: 135) لەو سەردەمەدا لە جێگای فەلسەفە کاری پێکراوە، کە ئەویش زیاتر خۆی لە زانستی ئوسوڵی دیندا دۆزیوەتەوە یاخود (أصول الفقه) (الجرجاني، ١٩٨٧: ١٤٧)، کە گەڕانە بە دوای دەقدا بۆ چارەسەری کێشەکانی سەردەم.

شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بووە میراتگری شارستانیەتی یۆنانیەکان، کە فەلسەفە بەشێکی گرنگی ئەو شارستانیەتە بووە، کارەکانی ئەرستۆ بە تەواوی ئەو شارستانیەتەدا بڵاوبینەوە، کاتێک شارستانیەت جیهانی ئیسلامی گەشەدەکات بە تایبەت لە ناوچەکانی شام و دەوروبەری چەندین گەل و نەتەوەی جیاواز دێنە ناو بازنەی ئەو شارستانیەتەوە، کە پێویستی بە بیر و فەلسەفەی نوێیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جیهانە فرە کلتور و گەل و زمانی جیاواز و تا ڕادەیەکی زۆریش یەک ئایین، باشترین ڕێگاش بۆ گەیشتن بە بە بیروڕاکانی فەیلەسوفان بریتییە لە وەرگێڕانی کارەکانی ئەوان، کە ئەویش لە سەردەمی هەردو خەلیفەی عەبباسی هارون الرشید (ابن السعد، 1408: 357) و مەئمونی کوڕی بو (البغدادي، 1985: 95 ـــ 100)، لە ئەنجامی ئەو کارانە چەندین فەیلەسوفی گەورە لە جیهانی ئیسلامدا دەردەکەون، بۆ نمونە (الکندی) (أبو محمد المصري ، 1984: 34) و (فارابی) (البغدادي، 1417: 14)

## ئەنجامەکان

پوختەی ئەنجامە هەرە درشت و بەرچاوەکانی ئەم توێژینەوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

١. شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بۆ ماوەیەکی دور و درێژ، کە بە دیاریکراوی تا کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی و یازدەهەمی زایینی تاکە هێزبووە، کە پەخشی بەرهەمە شارستانییەکانی بەسەر ناوچەکەدا کردووە، و کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیان و ناوچەکەوە هەبوە.

٢. دەرکەوتنی بزوتنەوەی فتوحات لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیدا و فەتحکردنی ناوچەیەکی فرەوانی ژێر دەسەڵاتی شارستانیەتی جیهانی مەسیحییش بو بە هۆکاری گواستنەوەی چەندین لایەنی گرنگی شارستانی، بە تایبەت لە ڕێگەی وەرگێڕانی زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە لە یۆنانییەوە بۆ سەر زمانی ئیغریقی وەرگێڕرابون، دواجاریش وەرگێڕرانە سەر زمانی سریانی وعەرەبی، دەکرێت ئەمە وەک دەرئەنجامێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٣. دەوڵەتی ئومەوی، وەک بناغەدانەر و پارێزەری سنورەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی دەردەکەوێت، پاشان هێواش هێواش سنورەکانی فرەوان دەکات، بۆیە ئەم شارستانیەتییە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی جیاوازتر و پێشکەوتوتر دەگوازێتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp464-472

٤. دەتوانرێت بگوترێت: شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی لە دەرئەنجامی کاریگەریی شـارسـتانی جیهانی مەسـیحی بە چەندین ڕێگە و هۆکاری جیاواز، لەوانە: بازرگانی، شەڕ، پێوەندیی دبلۆماسی و گرنگیدان بە بزوتنەوەی وەرگێڕان گەیشتووەتە ئەوەی لە ڕابردودا هەبوە.

٥. لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەردەکەوێت، کە شارسـتانیەتی جیهانی ئیسلامی تەنیا موڵکی بە ڕەگەز عەرەبەکان نییە، بەڵکو ئەم شـارسـتانیەتە بریتییە لە شـارسـتانیەتی گەلانی موسڵمان.

٦. گەشـەکردنی شـارسـتانیەتی جیهانی ئیسـلامی، بە هۆی چەندین زانسـتی جۆراوجۆرەوە بووە، کە لە جیهانی مەسـیحییەوە وەرگیراون و لە شـێوە و فۆرمی تازەدا کاریان لە بارەوە کراوە و خراونەتە خزمەتی شارسـتانیەتی جیهانی ئیسلامییەوە، بە تایبەت ئەمەش لە قوتابخانەکان، مزگەوتەکان و کتێبخانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە دواتر بووە بە هۆکاری دەرکەوتنی چەندین زانسـتی جۆراوجۆر، لەوانە: زانسـتی پزیشکی، فیزیا، بیرکاری و ...هتد.

## سەرچاوەکان


القرأن الكريم.

إبن الهروي (1423هـ): الإشارات إلى معرفة الزيارات، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

ابن بطوطة (١٤١٧هــ): محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهيم اللواتي الطنجي، أبو عبد الله: رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار)، أكاديمية المملكة المغربية، الرباط.

ابن خردازبة، أبو القاسم عبيد الله بن عبدالله المعروف (1889م): المســالك والممالك، ج1، دار صادر، أفست ليدن، بيروت.

ابن خلدون (٢٠٠٠م): تاريخ ابن خلدون، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاشرهم من ذوي الشأن الاكبر، ج٢، مر/ سهيل زكار، دار الفكر، بيروت.

ابن خلكان (1900م): وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تح/ إحسان عباس، دار صادر، بيروت.

ابن حوقل (١٩٣٨م): صورة الارض، دار صادر، ج١، افست ليدن، بيروت،

ابن السعد، أبو عبدالله محمد بن سعد بن منيع الهاشمي (1408هـــ): الطبقات الكبري، القسم المتهم لتابعي أهل المدينة وم بعدهم، مكتبة العلوم والحكم- المدينة المنورة.

ابن طيفور، أبو الفضل أحمد بن أبي طاهر (2002م): كتاب بغداد، ط٢، تح/ السيد عزت العطار الحسيني، مكتبة الخانجي، القاهرة، مصر.

ابن العمراني (2001م): الإنباء في تاريخ الخلفاء، ط١، تح/ قاسم الســامرائي، دار الآفاق العربية، القاهرة.

ابن الفرضي، عبد الله بن محمد بن يوسـف بن نصر الأزدي (1988م): تاريخ علماء الأندلس، ط٢، تص/ السيد عزت العطار الحسيني، مكتبة الخانجي، القاهرة.

ابن النديم، أبو الفرج بن اسحاق بن محمد لوراق البغدادى المعتزلى الشـيعى (١٩٩٧م): الفهرسـت، ج١، دارالمعرفة بيروت، لبنان.

أبو محمد المصرـي، عبد الله بن عبد الحكم بن أعين بن ليث بن رافع (1984م): سـيرة عمر بن عبد العزيز على ما رواه الإمام مالك بن أنس وأصحابه، ط٦، تح/ أحمد عبيد، عالم الكتب، بيروت.

الإتليدي، محمد (2004م): نوادر الخلفاء المشهور، ط١، تح/ محمد أحمد عبد العزيز سالم، دار الكتب العلمية، بيروت.

بدر غيث، فداء حسـين ابو دسـبة و خلود (٢٠١٢م): تاريخ الفن عبر العصور، ط١، الاعصار العلمى للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

البصري، أبو عمرو خليفة بن خياط بن خليفة الشيباني العصفري (1397هـ): تاريخ خليفة بن خياط، ط٢، تح/ أكرم ضياء العمري، دار القلم، مؤسسة الرسالة، دمشق، بيروت.

البغدادى (1417هـــ) : تاريخ بغداد وذيوله، ط١، تح/ مصـطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

البغدادي، أبو زكريا يحيى بن معين بن عون بن زياد بن بسـطام بن عبد الرحمن المري بالولاء، (1985م): تأريخ ابن المعين، ط١، تح/ محمد كامل القصار، مجمع اللغة العربية، دمشق.

البغدادي، الخطيب (2001م): تأريخ بغداد، تح/ بشار عواد معروف، ط١، دار الغرب الاسلامي، بيروت.

البغيث، محمد الامين (2007م): فصـول فى التاريخ والعمران فى المغرب الاسـلامى، ط١، انتير سينيى، الجزائر.

بن أيوب، أبو الفداء عماد الدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد ابن عمر بن شاهنشاه بن أيوب، الملك المؤيد، صاحب حماة (د. ت): المختصر في أخبار البشر، ط١، المطبعة الحسينية المصرية، (د.م).

بن عبدالله، أبي قاسم عبيدالله (1889م): المسالك والممالك، مطبعة بريل، ليدن المحروسة.

بن محمد بدران، عبد القادر بن أحمد بن مصطفى بن عبد الرحيم (1985م): منادمة الأطلال ومسامرة الخيال،ط٢، تح/ زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت.

بيرين، هنرى (1996م): تاريخ أوروبا فى العصـور الوسـطى، تر و تح/ عطية القوصى، مطابع الهئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

التميمي، سيف بن عمر الأسدي (1993م): الفتنة ووقعة الجمل، ط٧، تح/ أحمد راتب عرموش، دار النفائس، (د.م).

حبش، محمد (١٩٩٦م): المسلمون وعلوم الحضارة، ط١، دار المعرفة، دمشق.

جحا، شـفيق واخرون (1999م): المصور في التاريخ، حضارات العالم في العصور القديمة والوسطى، دار العلم للملايين، بيروت.

الجرجاني، أبو القاسم حمزة بن يوسـف بن إبراهيم السـهمي القرشي (1987م): تاريخ جرجان، ط٤، تح/ محمد عبد المعيد خان، عالم الكتب، بيروت.

حتي، فيليب (1983م): تاريخ سوريا ولبنان وفلسطين، تر/ كمال اليازجي، دار الثقافة، بيروت.

حسن، الحاج حسن (١٩٩٤م): حضارات العرب فى العصر العباسى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ط١، بيروت.

الخربوطلي، علي حسني (١٩٩٥م): الحضارة العربية الاسلامية، ط٢، مكتبة الخانجي، القاهرة.

الدخيل، سـليمان (٢٠٠٣م): الفوز بالمراد فى التاريخ بغداد، تع/ محمد زينهم محمد عزب، ط١، دار الأفاق العربية، القاهرة.

الدمشـقي، أبو الفداء إسـماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري (١٩٩٨م): البداية والنهاية، تح/ عبدالله بن عبد المحسن التركى، ج١٠، ط١، دار هجر، (د.م).

الدمشـقي، محمد بن محمد بن محمد الغزي العامري، أبو البركات، بدر الدين ابن رضي الدين (2004م): المطالع البدرية في المنازل الرومية، ط١، تح/ المهدي عيد الرواضـية، دار السـويدي للنشر والتوزيع، أبو ظبي - الإمارات العربية المتحدة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

الدينوري، أبو محمد عبد الله بن مسـلم بن قتيبة (1992م): المعارف، ط٢، تح/ ثروت عكاشـة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.


Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp464-472

الذهبي (1993م): تاريخ الإســـلام ووفيات المشـــاهير والأعلام ،ج٢٠، تح/ عمر عبد الســـلام التدمري، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت.

فيصل السامر(٢٠١٥م): ثورة الزنج، ط٢، دار الثقافة للنشر، دمشق، سوريا.

ربيع، حسنين محمد (١٩٨٣م): دراسات فى التاريخ الدولة الاموية، دار النهضة العربية، قاهرة.

الشنتريني، أبو الحسن علي بن بسام (1981م): الذخيرة في محاسن أهل الجزيرة، ط١، تح/ إحسان عباس، الدار العربية للكتاب، ليبيا، تونس.

الصابي، أبو الحسن الهلال بن المحسن (د. ت): تحفة الأمراء في تاريخ الوزراء، تح/ عبد الستار أحمد فراج، مكتبة الأعيان، (د.م).

صــقر، نادية حســنى صــقر (١٩٨٥م): الســلم فى العلاقات العباســية والبيزنطية،ط١، المكتبة القيصلية، مكة المكرمة.

الطبري (1387هـ): تاريخ الطبري، تاريخ الرسل والملوك، ج٤ ، ط٢، دار التراث - بيروت.

عطية، عبدالعزيز سـوريال (٢٠٠٠م): العلاقات بين الشرـق والغرب التجارية والثقافية والصـليبية، ط١، دار الثقافة المسيحية، القاهرة.

عطية، عبدالعزيز سـوريال (٢٠٠٠م): العلاقات بين الشرـق والغرب التجارية والثقافية والصـليبية، ط١، دار الثقافة المسيحية، القاهرة.

العقيلي، عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة، ابن العديم،كمال الدين (1996م): زبدة الحلب في تاريخ حلب، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

على، كرد (1983): خطط الشام، ج٤، ط 3، مكتبة النوري، دمشق.

العلوى، هادى (1999م): فصـول فى التاريخ الاسـلام السـياسى، ط٢، شركة، f.k.a المحدودة، قبرص.

الفاروق، إسماعيل راجى و الفاروقى، لويس لمياء (1418هـــــ): أطلس الحضارة الأسلامية، تر: عبدالواحد لؤلؤ، المعهد العالمى للفكر الأسلامى، الرياض.

فرج، وسام عبد العزيز (2003م): بيزنطة ( قراءات فى التاريخ الاقتصادى والاجتماعى)، ط١، عين للدراسات والبحوث الإسلامية والاجتماعية، (د.م).

فلهوزن، يوليوس (2009م): تاريخ الدولة العربية من ظهور الاســلام إلى نهاية الدولة الاوموية، ط٢، تر/ محمد عبدالهادى ابو ريدة، مر/ حسين مؤنس، تق/ مصطفى لبيب عبدالغنى، المركز القومى للترجومة، (د.م).

القفطي، جمال الدين أبو الحسـن علي بن يوسـف (2005م): أخبار العلماء بأخيار الحكماء، ط١، تح/ إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت.

كانتو، نورمان ف. (١٩٥٠): التاريخ الوسـيط قصـة البداية والنهاية، ط٥، تر/ قاسم عبده قاسم، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الهرم.

محاسنة، محمد بن حسين محاسنة (د. ت)، أضواء على تاريخ العلوم عند المسلمين، ط١، دار الكتب الجامعى، العين.

محمدين، محمد محمود (١٩٩٩م): التراث الجغرافى الاسلامى، ط٣، دار العلوم الرياض.

محمود، حسـين احمد و الشريـف، احمد إبراهيم (د. ت)، العالم الاسلامى فى العصرـ العباسى، ط٢، دار الفكر العربى، القاهرة.

مرسى الشيخ، محمد محمد (1994م): تاريخ الأمبراتورية البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، إسكندرية.

المسعودي (د. ت): التنبيه والإشراف، تص/ عبد الله إسماعيل الصاوي، دارالصاوي- القاهرة

مصطفى، نادية محمود، واخرون (١٩٩٦م): الدولة الاموية دولة فتوحات ٤١-١٣٢هـــ/ ٦٦١-٧٥٠م، ط١، المعهد العالمى للفكر الاسلامى، القاهرة.

معروف، ناجى معروف (1975م): أصالة الحضارة العربية، ط٣، دار الثقافة، بيروت.

الموصلي، يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدي، و أبو المحاسن، بهاء الدين ابن شداد (1994م): النوادر الســلطانية والمحاســن اليوســفية (ســيرة صــلاح الدين الأيوبي)، ط٢، تح/ جمال الدين الشيال، مكتبة الخانجي، القاهرة.

موفق الدين، أحمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي، أبي أصيبعة، أبو العباس ابن أبي أصيبعة (د. ت): عيون الأنباء في طبقات الأطباء،

الهاشمى، احمد (١٩٨٥م): تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب فى العصور الوسطى، ط١، النهضة العربية، القاهرة.

الهمدانى، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن إسحاق (1996م): البلدان، ط١، تح/ يوســف الهادي، عالم الكتب، بيروت.

هنوكة، زغريد (1993م): شمس العرب تسطع على الغرب، تر/ فاروق بيضون و كمال دسوقى، مر: مارون عيسى الخورى، دار الجيل، بيروت، دار الافاق الجديدة، بيروت.

الواقدي (1990م): الردة مع نبذة من فتوح العراق وذكر المثنى بن حارثة الشـيباني؛ ط١، تح/ يحيى الجبوري ، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

Hill، Donald (1993). Islamic Science and Engineering، Edinburgh Univ، press.

Michael Nazir، Ali (1983). Islam، a Christian perspective، Westminster John Knox Press.

David، Talbot Ricee (1959). The Art and Architecture Byzantiane Civilaztion، Penguin book.

## پەراوێزەکان:

1 ڕاوێژکار و نوسەرە تایبەتەکەی موعاویە ناوی سەرجۆنی کوڕی مەنسوری ڕۆمی بووە ، تا سەردەمی دەسەڵاتی عبدالمليکی کوڕی مەروان لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط، ص٢٢٨).

2 شاعیرە تایبەتەکەی معاویە ناوی (ابو مالک غياث بن غوث)ە، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی سەردەمی خۆی و مەسیحی بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ابن سعيد الأندلسي: نشوة الطرب في تاريخ جاهلية العرب، تح/ نصرت عبد الرحمن، مكتبة الأقصى، عمان/ الأردن، (د.م)، ص ٦٣٩.

3 بە یەکێک لە شاکارە جوان و ناوەزەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دادەنرێت، لە ساڵی ٥٣٧ز لەلایەن ئیمپراتۆر جستنیان دروستکراوە، بۆ ماوەی چەندین سەدە کەنیسە بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (أبي الهروي: الإشارات إلى معرفة الزيارات, ط١, مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة, ١٤٢٣هـ , ص ٥٣؛ محمد بن محمد الغزى العامري الدمشقي, أبو البركات: المطالع البدرية في المنازل الرومية, ط١, تح/ المهدي عيد الرواضية, دار السويدي للنشر والتوزيع، أبو ظبي, الإمارات العربية المتحدة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ٢٠٠٤م, ص ص ١٢٣_١٢٤, الحنبلي: شذرات الذهب في أخبار من ذهب, ج٩/ ص٥١٦).

4 زۆر جار بە زانکۆی نصيبين ناوی براوە و مێژوی دروستکردنی بۆ ساڵی ٣٥٠ز دەگەڕێتەوە، بە قوتابخانەی لاهوتی مەسیحی سریانییش ناوی هاتووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ( کرد علی: خطط الشام,ط٣, مكتبة النوري، دمشق, 1403هـ/ 1983م, ج٤/ ص ١٣).

5 یەکێکە لە قوتابخانە دێرینەکانی مەسیحی، کاری وەرگێڕانی دەقەکانی یۆنانی بۆ سریانی تێدا ئەنجام دراوە و مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە سەدەی دووی زایینی سەردەمی بنەماڵەی (الاباجرة) لە شاری ڕەها. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کرد علی: خطط الشام, ج٤ / ص١٢).

6 لە گرنگترین قوتابخانەکانە، ئەم قوتابخانە بووە هۆی گواستنەوەی چەندین جۆر دەقی وەرگێڕدراو لە یۆنانی بۆ سریانی و دواتر بۆ زمانی عەرەبی، بە خاڵێکی بەهێز دادەنرێت بۆ گەیشتنی مسوڵمان بە زانستە بەسودەکانی بیزەنتییەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (جواد علي: المفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام, ج١٥/ ص ٣٢١؛ قصي الحسين: الحضارة العربية ..., ص ٢٦٥).

7 بە یەکێک لە کۆنترین کتێبخانەکانی دونیا دادەنرێت و دەکەوێتە وڵاتی میصر. مێژوی دروستکردنی بۆ ساڵانی پێش زایین دەگەڕێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (محمد محمود محمدين و طه عثمان الفراء: المدخل إلى علم الجغرافيا والبيئة, ط٤, دار المريخ, (د.م), (د.ت), ص ٢٠؛ محمود شيت خطاب: قادة فتح الأندلس, ط١, مؤسسة علوم القرآن/ منار للنشر والتوزيع, ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م, ج٢, ص ٣٠٣).

8 لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی شاری قورطوبەیە، لەسەردەمی زێڕینی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، لەلایەن خەلیفەی ئومەوی عبدالرحمانی سێیەم دروستکراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (زيغريد هنوكة: شمس العرب تسطع على الغرب, تر/ فاروق بيضون و كمال دسوقى، مر: مارون عيسى الخورى, دار الجيل, بيروت, دار الافاق الجديدة, ١٩٩٣, ص ٣٥٣_٣٥٤).

9 لە دیاترین زانا و فەیلەسوفانی ئیغریقییە و لە بوارەکانی زانستی فەلسەفە و بیرکاری و فەلەکناسیدا کاری کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ( ابن النديم: الفهرست, ص ٣٣١-٣٣٢).

10 لە زانا دیارەکانی شاری حەرانە و لەسەردەمی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی، لە نێوان ساڵانی (٨٣٦_٩٠١ز) ژیاوە، شارەزاییی باشی لە زانستەکانی پزیشکی و بیرکاری و فەلەکناسیدا هەبوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ياقوت الحموى: معجم الأدباء, إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، ط١، تح/ إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، بيروت, ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م, ج١/ ص ٢٩٢).

11 هونەری (الفسيفساء)، هونەرێکی باوی سەدەکانی ناوەڕاستە و لە تایبەتمەندیی شارستانیەتی جیهانی مەسیحییە و لە چەندین شێوەی جیاواز خۆی دەنوێنێ؛ بەشێوەی نەخش و نیگار و وێنە و ئاماژەی جیاواز دەردەکەوێت، بە تایبەت لە سەر دیواری کۆشکەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (إبن المنظور: مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر, تح/ روحية النحاس، رياض عبد الحميد مراد، محمد مطيع, ط١, دار الفكر للطباعة والتوزيع والنشر، دمشق, سوريا, ١٤٠٢ هـ/١٩٨٤م ج/١, ص ٢٦٩).

12 زاراوەیەکە لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی وەک ئاماژەیەک بۆ زانستی کیمیا بەکاردەهات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (أبو بكر محمد بن زكريا الرازي: لمفيد في علم الكيمياء, ط١, المعهد الفرنسي للآثار الشرقية, القاهرة، مصر, ١٩٣٥ز, ص ١٥ ـ ٣٠).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp464-472